سوپای پاسداران کوژرانی چوار ئەندامی خۆی لە هەرشەکی ئیسرائیلی لە سوریا ڕاگەیاند

نیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە (20ـی کانونی دووەمی 2024)، ئیسرائیل بەردوومانی ناوچەیەکی دیمەشقی پایتەختی سووریا کرد و چوار کەس کوژران و یەکێک لەوانەش ناوی حاجی سادق ئومیدزادەیە- یە بەرپرسی هەواڵگری فەیلەقی قوودسی سەر بە سووپای پاسدارانی ئێرانە.

لەلایەن خۆیەوە، سوپای پاسدارانی ئێران کوژرانی چوار ڕاوێژکاری باڵای خۆی لە هەرشەکە ڕاگەیاند کە پێکهاتبوون لە حەج ئەلەل ئومەدوار ناسراو بە (حاج سادق)، هەروەها عەلی ئاغا زادە و حوسێن مەحەممەدی و سەعید کەریمی لە ئەنجامی بەردوومانی ئیسرائیل بە ناوچەی نیشتەجێبونیان لە پایتەختی سوریا گیانیان لەدەستدا.